وەخت و ئەوەندە جارە بە شوێن ئەم کەسەوە بوویت؟!.
سێیەم: چیرۆک نووس بە دەستی ئەنقەست زنجیرەی باوی (سەرەتا، ناوەراست، کۆتایی) چیرۆک دەکات و بەسەرهاتەکە لەسەر شێوەی (ناوەراست، سەرەتا، کۆتایی) دادەرێژێتەوە واتا لەجێی (سەرەتا) دێت لە (ناوەراستەوە) دەست پێدەکا.
(ئەوسا گەورە بووم دەمێکیش بوو لە رووداوی ناو ئەو خانووە دوورکەوتبوومەوە.) لەوێشەوە ئێنجا بەپێی پێویستی دەگەرێتەوە کاتی رابوردووترو کاتی ئێستا. بەلام رووداوەکەی سەرەتا لە شێوەی (دیمەن) یکی زیندوودا پێشکەش دەکات، ئەم بچربچر کردنەی کاتە فیزیکییەکە دەبێتە هۆی تامەزرۆکردنی خوێنەرو دواییش کە بەخۆی دەیداتەوە دەم یەک هەست بە چێژی دۆزینەوە دەکات.
چوارەم: لە کاتی دووبارە بوونەوەی وەک یەکی رووداوەکان دا بۆلەوەی خوێنەر بێزار نەکات دێت پەنا دەباتە بەر شێوازی (کورت کردنەوە)و بەسەر یەکەوە باس کردنی ئەو رووداوە لێکچووانە وەک سەرەتای بەشی یەکەم. پالەوانی چیرۆکەکە - چیرۆک بێژەکە - کە لەم بەشەدا باسی دووبارە بوونەوەی هاتوچۆکردنی گەرەکەکە دەکات، لەبەر نەبوونی جیاوازی گرنگ لە نێوان ئەو هاتوچۆیانەدا دێت هەمووی لەیەک دەدات و باسی هەموویان بەسەر یەکەوە دەکات ئیتر خۆی لە قەرەی ژمارەو کات و چۆنێتیان نادات.
(کە ئەگەیشتمەوە ئەو گەرەکەو، لەو کۆلانە نزیک ئەکەوتممەوە هەنگاوەکانم ئەبوونە بزمارو موگناتیسی ئەو خانووە بەکێشی، ئەکردن، ئەگەر دەرگاکە لەسەر پشت یان لایەکی کراوە بوایە، بە ئارەزوویەکی پرەوە چاوم بۆ ناو حەوشەکە هەلدەخست و تێر تێر بەدەرو دیوارەکەیدا هەلدەروانی، تاسەیەک، ئارەزوویەکی سەرچل و شێت لە شوێنی خۆیاندا کر ئەبوون و ئەحەسانەوە....)
لە سەرەتای بەشی دووەمیش دا کە دێتە سەر باس کردنی راوکردن و فاقە نانەوە و دووبارەبوونەوەی رۆژانەی ئەو کارە بە هەمان شێوەو بۆ هەمان مەبەست پەنا دەباتەوە بەر (کورت کردنەوە).
(کە لە قوتابخانە دەگەرامەوە بە پەلە نانەکەمم دەخوارد چاوم ئەکەوتە لە دەرگادانی ئاسمان (...) فاقەکەمم هەلدەگرت و بەرەو باخەکەی حاجی رەشید ئەکەوتمە راکردن، لەو شوێنەدا. کە مالان تەنەکەیان تیا خالی ئەکرد فاقەکەم ئەنایەوە....).
کە سەرنجی کاتی فرمانەکانی ئەم پارچە دەقانەش دەدەین: (ئەگەیشتمەوە، ئەکەوتمەوە، ئەبوونە، ئەکردن، هەلدەخست، هەلدەروانی، دەخوارد، ئەکەوتە، هەلدەگرت، ئەکەوتمە، ئەنایەوە...)
دەبینین هەموو فرمانی رابوردووی بەردەوامن و بەردەوامی و دووبارە بوونەوەی رووداوەکە دەسەلمێنن. دەبێ ئەوەش بلێین کە چیرۆک بێژ ئەو شێوازی کورت کردنەوەیە بۆ رێ پاک کردنەوەی (دیمەن)ە بەرەتییەکە یا دروست تر بیژم بۆ پێشکەش کردنی رووداوە سەرەکییەکە بەکار دەبات.
پێنجەم: کە کات گرنگی پەیدا دەکات و کار لە سەرەنجام و رێرەوی رووداو و هەلوێستی کەسەکان دەکات، ئەوسا بەکاربردنی (دیمەن) پێویست دەبێت. لە (دیمەن) دا کاتی رووداوی پێش بوونە دەق و رووداوی ناو دەقەکە یەکسان دەبنەوە و هەموو شتێک وەک خۆی چۆن روویداوە ئاواش بە دوورو درێژی
دەگێرێتەوە لە دەقەکەدا، ئەمەش بە روونی بە باسی چۆنێتی یەکتر ناسین و دەست پێکردنی پەیوەندی نێوان پالەوانەکەو کالێ و گفتوگۆکانیانەوە دیارە لە بەشی سێیەمی چیرۆکەکەدا کە هەر بە تەنها تام و چێژو قەوارەو مەرجەکانی کورتە چیرۆکێکی تێدایە، بەلام ئەو ئەنجامە بە دەستەوە نادات کە چیرۆک نووس مەبەستێتی.
شەشەم: بە پێچەوانەشەوە کە کاتی فیزیکی رووداوەکە - پێش بوونە دەق - بەبێ جێ هێشتنی شوێنەوارێکی گرنگ تێپەر دەبێت ئەوسا لە دەقەکەش دا لەگەل (سفر)دا یەکسان دەبێتەوە. بە واتایەکی دیکە دەتوانین بلێین لە دەقەکەش دا دەپەرێنرێت.
(.. ئەوسا هەموو جارێک خۆم هەلدەخەلەتاند، کەچی ئێستایش کە رێم دەکەوێتەوە گەرەکە کۆنەکەمان....)
لەنێوان ئەم (ئەوسا)و (ئێستایش)ەدا کاتێکی نادیاری هەیە کە بێ بەها هاتووە و تێپەریوە بۆیە چیرۆک بێژەکەش لە دەقەکەدا لە سەری نەوەستاوەو پەراندویەتی.
لە شوێنێکی دیکەش دا دەلێ:
(کالێ شووی کردو دوای ماوەیەک گەرایەوە مالی باوکی....) ئەم (دوای ماوەیەک) ئەمەش دیسانەوە کاتێکی نادیارییەو، بەبێ رووداوی گرنگ بەسەرچووە بۆیە لە دەقەکەدا پەرێنراوە دەستیشان کردن و پەراندنی ئەم جۆرە کاتە فیزیکیو بێ نرخە هونەرییانە تا رادەیەکی زۆر مەودای کاتی دەقەکە کورت دەکاتەوەو لە گێرانەوەی دوورو درێژی ناپەسەندو ناپێویستیشی دەپارێزێ:
حەوتەم: چیرۆک بێژ لە هەندێ شوێنی دیکەدا، بۆ هەلەنگاندنی ئەنجامی ماوەیەکی بەسەرچوو و پەرینەوە بۆ ماوەیەکی دواتر دێت بە بەکاربردنی وەسفێکی زاتی رەزمی گێرانەوەکە بەتەواوی خاو دەکاتەوە.
(.. رووداوەکان یادگارێکی تال و شیرینیان لا بەجێ هێشتبووم، وەک هەموو ئەوانەی تری رابووردوو کە زۆر جار بەرۆکت لەدەست ئەگرن و رات ئەتەکێنن، یان ئەبنە ئەستێرەی شەوە تاریکەکان و بە ئاسمانی ئەو رابووردووە هەلدێن و ئەکەونە جریوە، یان لە بیابانی وشکی لەشتا ئەبنە بارانی خورزم و دەمار و ماسولکە ماندووەکانت پاراو ئەکەن....)
لە سەرەتای بەشی سێیەمی دەقەکەش دا بە وەسفێکی مەوزووعی کەش و شوێنی رووداوەکە، گێرانەوەکە بە تەواوی رادەگرێت.
(ئەو رۆژەی کارەساتەکەی تیا روویدا بەفر میوانێکی ئێسک سووکی درەخت و گوێسوانەو دلی من بوو، دنیایەکی کپ و هێور، ئەت ووت زەوی لەوەستان کەوتووە و هیچ گیانداریکیش زمانی گۆ ناکات، سروشت لە مشتی بێدەنگیا ئاسابوو.)
بێگەرد بە بەکاربردنی ئەو شێوازانەی کە پێشتر باسمان کردن توانیویتی تا رادەیە زۆر بەسەر گرفتی دووبارە بوونەوە و درێژخایەنی بەسەر هاتی چیرۆکەکەیدا زال بێت. وەلێ هەر لە سەرەتاوە دەیتوانی بەشی یەکەم و دووەمی نەخاتە سەر و ئەوانیش وەک ئەو دوایی بەشە قرتاوەکان بقرتێنی و هەر یەکسەر لە بەشی سێیەمەوە - لە دیمەنی یەکەم جار بەیەک گەیشتنی کورەکە و کالێوە - دەست پێ بکات و بە کۆتایی هاتنی بەشی چوارەم کۆتایی بە چیرۆکەکەی بێنێ. ئەوەی لە بەشی یەکەم و دووەم دا باس کراوە لە بەشی سێیەم و چوارەمش دا کەم و زۆر دووبارە بوونەتەوە بۆیە لابردنیان - بەشی

